# بژی پێشمەرگە

ئاكۆنەلیاسی

ئه و سه ردێره ی سه ره وه، واتا "بژی پێشمه رگه" ناوی هۆنراه یه كه، كه ده بێ له هه ل و
مه ر جێكی دژواری مێژووی نووسرا بێ. به پێی نیوه ڕۆک و دوانی خودی شێعره كه ش، ده بێ
بگه ڕێینه وه بۆ ڕاپه ڕینی پرشكۆی گه لانی ئێران له دژی ڕێژیمی بنه ماڵه ی پاشایه تی و هاتنه سه
ر كاری ئاخونده بیركورت و شاقه ل درێژه كان. سه ر ده مێک كه مه لا فێڵ باز و كۆنه په رسته كان،
ئاكامی ده ریای خوێنی گه لانی ئێرانیان له نه بوونی به ره یه كی هاوبه ر نامه ی هێزه سیاسی یه
كانی ئه و ده می سه ر گۆڕه پانی خه بات قۆسته وه و سواری ركێفی ده سه ڵات بوون و به ماوه یه كی
كورت و كه م، ئێرانیان له كۆمه ڵانی زه حمه تكێشی خه ڵک كرد به جه هه ننه م!
دیاره هه وه ڵین دیاری ئه و ڕێژمه ش بۆ كوردستانی ئێران یان به قه ول بۆ ڕۆژهه ڵاتی كوردستان
ده ر كردنی فه رمانی جیهاد و قه ل و قۆم كردن و شار وێران كردن و دێ سووتاندنی، خه ڵكی
قاره مانی كوردستان بوو. به هۆی بوونی نه ریتی شۆڕشگێڕانه له هه ست و وجوودی گه لی كورد دا،
كه هه ر گیز مل كه چ و سه ر شۆڕ و چۆک دانه ده ر بووه له به رامبه ر دوژمنانی ئازادی و داگیر كه
رانی به خوێن تینوو، له ته واوی به شه كانی ئێراندا، ته نیا كوردستان ببوو به:"سه نگه ری ئازادی"
و
زۆربه ی شۆڕشگێڕانی ناوچه جیاجیاكانی ئێران، به و هێز و كه سایه تیانه ی كه له لایه ن خومه
ینی و ده م ڕاسته كانی یه وه، نه فرینیان لێكرابوو و ده بوو له " نه فرین ئاوای ئه وان دا"
بنێژرابان، پۆل پۆل و ده سه ته به ده سته ڕوویان ده كرده سه نگه ری ئازادی و ته نیا هیوا و پشت و
داڵده یان، هه ر كوردستانی له خوێن شه ڵال بووی مێژوو بووا!
دیاره گه لی كورد، له ڕووی ناچاریی یه وه و بۆ دیفاع له مان و مه وكه سا یه تی نه ته وه یی
خۆی، ته نیا ڕێگایه ک بۆی مابووه وه، ده سه ت دانه چه ک و هه ڵبژاردنی ڕێگای به ربه ره كانی به
كرده وه
له به رامبه ر هێز و سوپای ملهوڕان و داگیر كه ران بوو. ئه و ملهوڕانه ی كه بێجگه له به كار هێنانی
زمانی ئاور و ئاسن و تۆقاندن و تێرۆر، له هیچ زامانێكی دیكه تێ ناگه ن. له ئاوه ها هه ل و مه
رجێكدا
ئه و ئه ركی كوڕانی چاو نه ترسی كورده، كه گورزی توند بسره وێننه هێزی تاڵانكه ر و كه لله پوچ.
له و سه ر و به نده دا، هێزی پێشمه رگه ی كوردستان و ڕێبوارانی به وه فای كۆماره سووره كه ی
مه هاباد، دیسانه وه بوونه وه به باسكی به هێزی گه ل و بۆ پارێزگاری له خاكی پاكی نیشتمان، قۆڵ
و مه چه كی پۆڵایینی هیمه تیان لێ هه ڵماڵی به سه ر و ماڵ و گیان، بوون به پرده بازی ڕێگای
گه یشتن به ئاوات و ئامانجه كانی گه ل. به ڵام ئه مجار و بۆ یه كه مجار له مێژووی خه باتی
سیاسی گه لانی ئێراندا، ئه وه پێشمه رگه ی كورد بوو كه ڕزگاری گه لانی دیكه ی ئێرانیشی به
پێویستیی یه كی مێژوویی ده زانی و پێشی وایه كه ته دیمۆكراسی ته نیا كلیلی كردنه وه ی ئه م ده
رگا پۆڵایینه یه.
له بار و دۆخی خه باتی چه كدارانه دا، هونه ر ده وریكی كاریگه ر و به ر چاو ده گێڕێ. "له وحه ی
هونه ری وا ده خولقێن كه له مێژووی ئه ده بی به رگریدا، به نه مری و وه ک مێژوو بۆ خۆی
ده مێنێته وه ". به جۆرێک كه بۆ نه وه كانی داهاتوو، وه ک میداڵیای سه ر دا نه نواندن و شانازی
له به رامبه ر دیكتاتۆره كاندا، ده نه خشێندرێن.

**دێمه وه سه ر شێعری " بژی پێشمه رگه" که له هه ل و مه رجی خه باتی چه کدارانه ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا، له به رامبه ر ڕێژیمی کۆنه په رستی کۆماری ئیسلامی دا هۆنراوه ته وه**

**من یاتر له چوارده ساڵه ئه و هۆنراوه یه م له لایه که سه رده می خۆی له ژماره 20ی ده وره ی یه که می گۆڤاری "لاوان" دا که وادیاره ئه وده م، واتا ساڵه کانی 1360 و 1362 و 63ی هه تاویدا، له قه واره ی نامیلکه یه کی زۆر چووکه دا ده رده چوو، بڵاوکراوه ته وه. له به ر دڕان و ون بوونی ڕووبه رگی گۆڤاره که، به داخه وه مێژووی ئه و ژماره یه ش، ڕوون نی یه و ناوی شاعێره که شی نه نووسراوه.**

**"بژی پێشمه رگه" شێعرێکی به رزه. چوونکه باسی به رزیی و پیرۆزی پێشمه رگه ده کات. باسی ماسی و زرێوار، نه یاری نه تره چووی ده وران و هێزی گه ل، مێژوو و سه ر به رزی، مناڵی پێخاوسی کورد و دێمۆکراسی، پیشه وا و سێداره، ، حه ماسه، پێشێل بوونی ئازادی، یه کیه تیی و ئاشتی، ژن و پیا،**

**به رابه ری کۆمه ڵ، کیژ و کوڕ، تاسه ی گه ڵ، هه ڵۆی سووری گیانباز، وه دی هاتنی مراد، قوربانی، وه ته ن و ڕووان و شین بوونی شلێره مان، بۆ ده کات.**

**هیوادارم که ڕۆژێک له ڕۆژان، شاعێری ئه م شێعره دڵگیره په یدا ببێت.**

**لێره دا ده قی هۆنراوه کاتان پێشکه ش ده که م که له گه ڵ هه ل و مه رجی هه نووکه یی ئێستای ئێران و کوردستانی ئێران به تایبه تی، جارێکی دیکه ش ده سته و ملانی یه کتر ده بنه وه.**

"بژی پیشمه رگه"
به حه قخوازی هه ناسه ی گه ڵ، وڵاتی جوانی خۆم ناسی
به وریایی سه رنجم دا، به نێوانی زه ریا و ماسی
نه یاری نه تره چووی ده وران، له هێزی گه ل سه ری ماسی
له مێژوو سه ر و تارێ دێ، گه ل و پێشمه رگه سه ر باسی
به سه ر به رزی ده گوڕێنێ، مناڵی کورد، به پێخواسی
بژی پێشمه رگه باسکی گه ل، فیداکاری دێمۆکراسی
زه مانێ پێشه وا قازی، له پێی سێداره وه ستاوه
له سه ر سێداره کاتێکی، که چاوی گه ل له ڕووی تاوه
به ژینی پڕ له شانازی، شه ره ف ڕێگه ی له به ر چاوه
نه یار حه جمێنی نامێنێ، هه تا پێشمه رگه یه ك ماوه
به سه ر به رزی ده گوڕێنێ، مناڵی کورد به پێخواسی
بژی پێشمه رگه باسکی گه ل. فیداکاری دێمۆکراسی
هه موو کوردێکی کومه ڵ بین، بۆ تاسه ی گه ل له سه ر جاده ن
بوێژی ئازادی خوازی گه ل، هه تا ڕزگاری کۆڵ ناده ن
به پشتیوانی پێشمه رگه، ژن و پیاوی گه ل ئاماده ن
کوڕ و کیژی گه لێ هاتوون، قه ڵای جیاوازی پێك داده ن
به سه ر به رزی ده گوڕێنێ، مناڵو کورد به پێخواسی
بژی پێشمه رگه باسکی گه ل، فیداکاری دێمۆ کراسی
هه ڵۆ گیانبازی ئاسۆی ڕوون، مرادی گه ل وه دی دێنێ
له جه نگه ڵ ده شت و چۆم و که ل، حه ماسه ی ژین ده خوڵقێنێ
له کوێ پێشێل بی ئازادی، له دوژمن تۆڵه ده ستێنێ
بۆ خودموختاری یه ڕێ ده بڕێ، به خوێنی ڕێ ده نه خشێنێ (1)
به سه ر به رزی ده گوڕێنێ، مناڵی کورد به پێخواسی
بژی پێشمه رگه باسکی گه ل، فیداکاری دێمۆ کراسی

له پێ خه وشی دڵی پاکی، گه لی کوردی نه وه ستاوه
هه تا قوربانی یه ك بووبێ، هه زار پێشمه رگه هه ستاوه
به خوێنی سووری پێشمه رگه، له کوردستانی ڕازاوه
له سه ر تارای گه ش و ئاڵی، وه ته ن شللێره نه خشاوه
به سه ر به رزی ده گوڕێنێ، مناڵی کورد به پێخواسی
بژی پیشمه رگه باسکی گه ل، فیداکاری دێمۆ کراسی

تێبینی:

(1) له شێعره که دا هه ر "خودمۆختاری" نووسراوه .

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**